خەمێکی تر

# پشتگیری

★بۆ دامەزراندن کێ پشتگیریت دەکات؟
★پشتگیریەکە دەخەمە سەرچاو.
★ئەو برادەرەی پشتگیری بۆ نووسیوی نە سیاسی بووە، نە زیندانی.
★بە پێی ئەو پشتگیریە بێ لە سکی دایکتەوە تۆ فەرمانبەر بووی!
★بە پشتگیرییێك لە خائینەوە بوو بە شۆرشگێری عەیار بیستوچوار!
★پشتگیری فلان لە بڕوانامەی دکتۆرا گرنگترە.

ئەم وتانەی سەرەوە سەرەتاییێکن بۆ خەمی ئەمجارەمان، ئەو خەمەی کە یەخەی هەموو ئەوانە دەگرێ، کە دەیانەوێ ولاتو دامودەزگاکان چیتر بە میزاجی هەندێك کەس کە لە هەموو مەنجەڵێك ئەسکون بەڕێوەنەچێ.

لە دوای راپەرینەوە چەندین دیاردە لە کۆمەڵی کوردەواری دەرکەوتن، دیارترینیان نووسراوی پشتگیریە، کە تائێستا برەوی هەیەو وەك فاکتەرێکی سەرەکی رۆڵی کارئاسانی لە بەریوەبردنی کاروبارەکانی خەڵك لە دامودەزگاکانی حکومیو حیزبی دەگێڕێت. بە واتاییێکی تر نووسراوی پشتگیری زۆرترین شانس بەوکەسانە دەدات کە ئارەزووی دامەزراندنیان هەیە، یا نیازی بەرەوپێشچوونیان لە کارەکانیاندا هەیە، پێوەرەکانی دیکەی فەرمی، کارگێڕی، بڕوانامە، سالانی خزمەت، شارەزایی، پاکی....هتد، رۆڵی لاوەکی دەبینن.

لاتان سەیرنەبێ کە زۆرترین نووسراوی کەسایەتیە سیاسیو سەربازیو کۆمەلایەتیو....هتد، ئەو نوسراوانەن کە پشتگیری لە فلانو فیسار دەکەن، ئاساییە بە پشتگیری هەندێ لە کەشکەلانی فەلەك خۆتببینیەوە، دژە پشتگیریو راپۆرتی هەندێکیش بتخەنە بنی دەریاوە، کەمنین ئەوانەی بە نووسراوی زرە بەرپرسێك لە خائینەوە بوون بە بێوەی، زۆریشن ئەوانەی لەبەر بێویژدانی هەندێ لێپرسراو، لایان لێناکرێتەوەو بە ساویلکەو قسە رەقو توندڕەو ناوزەد دەکرێن، چونکە ئامادەنین، ببنە ماستاوچیو دەستی ئەمو ئەو ماچبکەن.

هەندێ کەس هەن، لە سەردەمی پاشایەتیەوە، بە حکومرانی هەموو رژێمەکانەوە، ریشسپیو پشتگیری نووسن، هەموو سەردەمەکان بڕوانامەی پاکیو دڵسۆزی لەلای ئەوان دەرەچێ؟! چونکە بەرژەوەند پەرست بوونەو لە ئاشی هەموو ئاویکیان کردووە، بەلام ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە، بەشێکی زۆری ئەوانەی بە خەباتو تێکۆشانی خۆیانو هاورێ شەهیدەکانیان پۆستو پلەو پایەیان وەرگرتووە، کەچی بۆ ساتێکیش بە خەیاڵیاندا نایێ وەك پشتگیرییێك لە بژێوی ژیانو گوزەرانی کەسوکاری هاوسەنگەرەکانیان بپێچنەوە.

کاتی ئەوە هاتووە خەمێك بۆ نووسراوەکانی پشتگیری بخورێ، دۆسیەکانی خەباتو تێکۆشانو نووسراوە فرمیەکان پێوەری راستەقینەو زانستی بن، نەك لە بەر رەنجانو قسەشکاندنی برادەران بەها ئەخلاقیەکان ژێر پێبنرێن، خەمێکیش بۆ هەموو ئەوانە بخۆین کە لەم ولاتە لێپرسراوێك، حزبێك، تەنانەت حکومەتیش پشتگیریان ناکات.



جەرجیس ئیبراهیم
bawkitana@yahoo.com